www.kurdistannet.org
20-2-2006 10:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەفەر مەکە ... قادر ئەسعەد



خۆ پێم گوتی سەفەر مەکە
چاوی عەشقم لێت دەتۆرێ
هەرچی وەرزی عاشقانە
لەم ساتەدا لێی دەگۆڕێ
سەفەر مەکە سەفەر مەکە
توخوا ئازیز سەفەر مەکە
با نەبم بە کۆستی قەدەر
ئەم هەوارەم لێ چۆڵ مەکە
خۆ پێم گوتی سەفەر مەکە
نەکا ڕۆژێ نەتبینمەوە
ببمە خۆزگەی ماڵئاوایی
لە چاوانتا بتوێمەوە
پێم نە گوتی سەفەر مەکە
چراخانی بەزمی شەوان
زامی یەکتر سارێژ دەکەین
تا مەستی کەین بادەی دڵمان
پێم نەگوتی خەفەت مەخۆ
بالای عەشق زوو گڕ دەگرێ
پێم نەگوتی درانگ مەیێ
عەشقە باران وەرزی دەمرێ
خۆ پێم گوتی تەنیا دەبم
بەتەنیایش من هەڵناکەم
بگەڕێوە لەم سەفەرەت
تاکو مردن یادت دەکەم
سەفەر مەکە سەفەر مەکە
توخوا ئازیز سەفەر مەکە
با نەبم بە کۆستی قەدەر
ئەم هەوارەم لێ چۆڵ مەکە

ستۆکهۆڵم
2002